# ڕەهەندەکانی بڕیاری دادگەی فیدراڵی دەربارەی مووچەی فەرمانبەران

**د. یاسین تەها**، پسپۆڕ لە مێژووی ئایینزا ئیسلامییەکان و شارەزا لە کاروباری عێراق

لە ئێستادا چ بەکردەیی و چ بەپێی دەستوور، هیچ دەسەڵاتێك لە سەروو دەسەڵاتی دادگەی فیدراڵییەوە نییە. ئەم دادگەیە لە پاش 2005 هەمان ئەم دەسەڵاتانەی ئێستای هەبووە، بەڵام هیچ کات وەك بارودۆخی پاش هەڵبژاردنی ئۆکتۆبەری 2021، نەچووەتە نێو وردەکاریی دۆسیە یاساییەکان و نەبووەتە لایەنێکی هەرە کارا لە قەیران و پێشهاتە سیاسی و کارگێڕییەکان. ئەم شرۆڤەیە لەبارەی باکگراوند و پێکهاتە و دەسەڵاتەکانی دادگەکە هەڵوێستە دەکات و هەوڵ دەدات ڕەهەندەکانی بڕیارەکەی دەربارەی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم بخوێنێتەوە.

**شەرعییەت و پێکهاتەی دادگەی فیدراڵی**

دادگەی فیدراڵی لە عێراق لە بنەڕەتدا بیرۆکە و پرۆژەیەکی ئەمریکییە و دامەزرێنەرەکەی "پۆڵ بریمەر"ی حاکمی مەدەنیی ئەمریکایە[1]، بەڵام شەرعییەتی یاسایی دادگەکە بەستراوەتەوە بە فەرمانی ژمارە 30ی 2005ی ئەنجومەنی وەزیران و دەستەی سەرۆکایەتیی ئەوکاتی کۆماری عێراق. ئەم دوو لایەنەیش لەو کاتەدا شەرعییەتیان لە یاسای کاتیی ئیدارەی دەوڵەت وەرگرتبوو کە بریمەر ئەندازیاری تێپەڕاندنی بوو. سەرباری ئەم بنەما یاساییەیش هێشتا ئەم دادگەیە هەمان ئەو دادگە فیدراڵییە نییە کە دەستووری هەمیشەیی (2005) لە بەندەکانی ماددەی 92دا چەسپاندوویەتی؛ هەروەها ئەو دادگەیەیش نییە کە مەرجە پێکهاتەکەی لە چەند دادوەر و پسپۆڕێکی شەریعە و یاسا پێکەوە پێك بێت و پەیکەر و پێکهاتەکانی بە 2/3ی دەنگی پەرلەمانتاران پەسەند بکرێت[2].

هۆکاری پێکنەهێنانی دادگە دەستوورییەکەیش دەگەڕێتەوە بۆ لەمپەرەکانی بەردەم کۆکردنەوەی دەنگی 2/3ی پەرلەمانتاران لە ئەنجومەنێکی فرەچەشنی فرەجەمسەردا، هەروەها ناکۆکیی زۆری هێزە پەرلەمانییەکان لەسەر دەسەڵاتی پسپۆڕەکانی شەریعە. بەم هۆیەیشەوە تەنیا 18 ماددە لە کۆی 24 ماددەی یاسای دادگەکە لە ساڵی 2021 بە دەنگی 2/3 پەسەند کرا؛ دواتر کە گەیشتنە بنبەست، لە پێناو ڕێگەخۆشکردن بۆ هەڵبژاردن، لە 18ی ئاداری 2021 گیان بەبەری دادگەکەدا کرایەوە و بۆشاییەکانی پڕ کرایەوە[3]. لەم هەموارەدا پێکهاتەی دادگەکە بەم جۆرە چەسپێنرایەوە: سەرۆك و جێگرێك لەگەڵ حەوت ئەندام لە دادوەرانی پلە یەك و، چوار ئەندامی یەدەگ؛ بە جۆرێك لە دەزگە دادوەرییەکانی فیدراڵی و هەرێمەکانەوە کاندید بکرێن.

**هەر لە هەموارە یاساییەکەی 2021دا (ژمارە 25) دەسەڵاتەکانی دادگەکە بەم جۆرە چەسپێنرانەوە:**

– چاودێریی دەستووری بەسەر یاسا و پەیڕەوە بەرکارەکان و تەفسیرکردنی دەقەکانی دەستوور.

- یەکلاییکردنەوەی ئەو کێشانەی لە جێبەجێکردنی یاسا و بڕیارە فیدراڵییەکانەوە سەر هەڵدەدەن.

- یەکلاییکردنەوەی کێشمەکێشەکانی حکوومەتی فیدراڵی و دەسەڵاتە خۆجێیییەکان.

- یەکلاییکردنەوەی کێشمەکێشەکانی نێوان حکوومەتی هەرێمەکان و پارێزگاکان.

- پەسەندکردنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن.

- یەکلاییکردنەوەی کێشەی دەزگە دادوەرییەکانی فیدراڵی و هەرێم و پارێزگاکان.

- دادبینی لەو تانانەی لە بڕیارەکانی پەرلەمان دەدرێن.

- دادبینی لەو تۆمەتانەی ئاراستەی سەرۆککۆمار و سەرۆکوەزیران دەکرێن[4].

بە گوێرەی ڕێوشوێنەکانی دادگەکەیش، دەرگەی داواتۆمارکردن بۆ هەموو کەس کراوەیە، بە مەرجی ئەوەی داواکار لایەنێکی کێشە (خصم)، یان زەرەرمەند بێت لە بڕیار و جێبەجێکردنەکانی یاسا و ڕێنماییەکان[5]. بەم پێیەیش دەرگەی بۆ هەموو هاووڵاتیانی عێراق واڵایە داوا بەرز بکەنەوە؛ لەو بڕیارانەیشی لەم دوو ساڵەی دواییدا دژی یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان دەرچوون، جاری وا هەیە خاوەنی داوا هاووڵاتیی ئاسایی، یان ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگایەکی عێراق بووە (بەسرە).

**بڕیاری دادگەی فیدراڵی دەربارەی مووچە**

پاش چەندان مانگ دادبینی لە داواکانی ژمارە 224 و 269ی ساڵی 2023 کە لەلایەن دوو گرووپی مووچەخۆری هەرێمەوە بەرز کرابووەوە، دادگەی فیدراڵی لە 21ی شوباتی 2024 بڕیاری کۆتاییی خۆی لە دۆسیەی مووچە و بوودجەی هەرێمدا ڕاگەیاند. بڕیارەکە 20 لاپەڕەیە و وردەکاریی یاسایی و تەنانەت سیاسیی زۆریشی تێدایە و لە پەنا بڕگە و ماددەکانی دەستووردا هەندێ پاساوی لە شەریعەتی ئیسلامیشی بۆ هێناوەتەوە. زەقترین و دیارترین تەوەرەکانی بڕیارەکەیش بریتییە لە پابەندکردنی سەرۆکوەزیرانی عێراق و سەرۆکوەزیرانی هەرێم بە "بەبانکیکردن"ی مووچەی فەرمانبەران و خانەنشینان و سوودمەندانی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتیی هەرێم لەگەڵ گواستنەوەی بۆ سەر بەغدا لە ڕێگەی بانکە حکوومییە فیدراڵییەکانی دەرەوەی هەرێمەوە. ئەم مووچەیەیش لە پشکی هەرێمی کوردستان لە بوودجەی فیدراڵی دەبڕدرێت.

بۆ هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی داراییی فیدراڵ لە جێبەجێکردنی بڕیاری "بەبانکیکردن"ی مووچەی فەرمانبەران، دادگەکە ڕۆڵی "نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان"ی لە بەغدا لەکار خستووە. میکانیزمی دابەشکردنی مووچەیشی فرەچەشن کردووە بۆ دەروازەکانی پارەدارکردن لە هەرێمی کوردستان، یان ئەو بانکانەی لە کوردستانن و لەلایەن بانکی ناوەندییەوە مۆڵەتیان هەیە [6].

**لایەنە ئەرێنییەکانی بڕیارەکە**

بڕیارەکەی دادگە بە شێوەیەکی گشتی پشتی بە چەند بنەمایەکی دەستووری بەستووە کە دەشێت بەئەرێنی لێك بدرێنەوە، لەوانەیش:

– جەختکردنەوە لە ماددەی 14ی دەستوور کە تایبەتە بە یەکسانیی عێراقییەکان بەرامبەر یاسا بەبێ جیاکاری. هەر لەم سۆنگەیەیشەوە مووچەخۆرانی مەدەنی و سەربازیی هەرێمی کوردستانی، هاوتا کردووە لەگەڵ مووچەخۆرانی تری فیدراڵی.

– ستایشی گەلی کوردی کردووە کە "خاوەن بەهای مرۆیی و مۆراڵی نیشتمانیی بەرزە"، هەروەها "قوربانیی داوە و خەباتی دوورودرێژی کردووە دژی ڕژێمی پێشوو."

– جەختکردنەوە لەوەی بێبەشکردنی فەرمانبەرانی هەرێم لە مافەکانی، دژی ماددەکانی (22_36)ی دەستوورە و، بێبەشکردنیان جیاکارییەکی بێبنەمایە.

– ناچارکردنی هەردوو دەسەڵاتە فیدراڵی و هەرێمییەکان بۆ گێڕانەوەی ماف بۆ  هاووڵاتیانی هەرێم؛ ئەمەیش لە بنەڕەتدا داواکاریی هەردوو گرووپی خاوەن داوا بووە.

– پشتڕاستکردنەوەی ئەوەی کە مووچەخۆرانی هەرێم لە کاتی خۆیدا مووچەیان وەرنەگرتووە وەك هاوتا فیدراڵییەکانیان (2023)؛ ئەمەیشی بەپێچەوانەی ماددەکانی 14 و 16 و 22 و 36ی دەستوور لە قەڵەم داوە. بۆ ئەمەیش دەسەڵاتی فیدراڵیی ڕاسپاردووە کە لەمپەرەکان لا بیات.

– جیاکردنەوەی دۆسیەی شایستەیی و مووچەی مووچەخۆرانی هەرێم لە سیاسەت و بڕیارەکانی حکوومەت[7]. بەپێی ئەمەیش چیتر نابێت پاساوەکانی پابەندنەبوونی هەرێم ببنە لەمپەر لە بەردەم هەناردەکردنی مووچە، بەتایبەت کە دیوانی چاودێریی دارایی بەغدا لە ڕاپۆرتی خۆیدا جەختی کردووەتەوە کە هەرێم بڕی نەوتی هەناردەکراوی بۆ تورکیا ئاشکرا نەکردووە، هەروەها داهاتی نانەوتیی ڕادەستی خەزێنەی دەوڵەت نەکردووە بۆ ئەوەی دیوانی چاودێریی دارایی وردبینیی تێدا بکات [8].

– لە دوای بەبانکیکردنی مووچە، ئەو مووچانە دەدرێن و نابێت بەقەرز بدرێت. ئەمەیش حکوومەتی هەرێم ڕزگار دەکات لە مۆتەکەی دووبارەکردنەوەی قەرزکردن کە ڕەزامەندیی زۆری پێویستە و کێشەی "سووهاتنەسەر"یشی هەیە.

– جەختکردنەوەی دادگە لەوەی "هەرێمی کوردستان" هەرێمێکی دەستوورییە، مافی لەسەر حکوومەتی فیدراڵ هەیە و داهاتەکان دەبێت بە شێوەیەکی دادپەروارانە دابەش بکرێت.

**لایەنە نەرێنییەکان بۆ حکوومەتی هەرێم**

لە بڕیارەکانی دادگەدا چەند بنەما و لایەنێك هەن لە بەرژەوەندیی قەوارەی دەستووریی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی هەرێمیش نین، کە دەشێت ئەمانەی خوارەوە دیارترینیان بن:

– سەرکۆنەکردنی حکوومەتی هەرێم بەوەی ئەو قەرزانەی کردوونی، بەکاری نەهێناوە بۆ مووچەی فەرمانبەران، بەبێ خستنەڕووی بەرچاوڕوونیی زیاتر لەم بارەیەوە. ئەمەیش وەك ئیدانە وایە بۆ حکوومەتی هەرێم.

– پەلهاوێشتن بۆ باسکردنی دەسەڵاتە فیدراڵی و هەرێمییەکان و باسکردنی نوێنەرایەتیی دیپلۆماسی کە

دەسەڵاتی تایبەتی فیدراڵییە و بیرخستنەوەی ئەوەی، نابێت دەسەڵاتە دەستوورییەکان پێشێل بکرێن. ئەم سەرنجەیش هەرچەندە هاوتایە لەگەڵ دەستوور (ماددەی 110)، بەڵام تێکەڵکردنی لەگەڵ بابەتی مووچە و بیرهێنانەوەی، دەشێت ببێتە دەرفەت بۆ بەرزکردنەوەی داوای نوێ لەو بارەیەوە.

– بڕیارەکە لە زۆر جومگەدا بازی داوە بەسەر وەزارەتی دارایی هەرێم. بۆ ڕێکخستنی لیستی مووچەیش ڕێوشوێنێکی پەسەند کردووە کە بەم جۆرەیە:

بەرپرسی باڵای فەرمانگە و دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان بەرپرسیارێتیی دروستیی زانیارییەکانی فەرمانبەران دەگرنە ئەستۆ، لە پرۆسەی بەبانکیکردنی مووچەی فەرمانبەران و گواستنەوەی بۆ سەر بەغدا لە ڕووی ژمارە و پلە و بڕی مووچەکانیان. هەروەها دەبێت ئەو لیستی مووچانە لەلایەن سەرۆکی باڵای دامەزراوەکە و بەڕێوەبەرانی وردبینیی دارایی، بەشی دارایی، سەرچاوە مرۆییەکان واژۆ کرابێت. لەم میکانیزمەیشدا خۆلادان و خۆبواردن لە ناوهێنانی "وەزارەتی دارایی" هەیە؛ لە بەرامبەردا وەزارەتی دارایی فیدراڵی، کراوە بە سەنتەر و مەرجەعی وردە فەرمانگەکانی هەرێم.

**لێکەوتەکانی بڕیارەکە لەسەر حکوومەتی فیدراڵ**

بڕیارەکەی دادگەی فیدراڵی دەربارەی مووچە، چەند جۆرە لێکەوتەیەکیان هەیە، لە مەودای نزیک و مەودای دووردا:

١- لە مەودای نزیکدا خەرجی و بارگرانیی زۆری کارگێڕی و دارایی بۆ حکوومەتی فیدراڵی دروست دەکات، لە کاتێکدا قسەوباسی زۆر هەیە کە کێشەی سیولەی نەختینەیی هەیە، چونکە بڕیارەکە حکوومەتی پابەند کردووە بە ڕەوانەکردنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم لە هەموو بارودۆخێکدا؛ تەنانەت ئەگەر هەرێمیش پابەند نەبێت بە یاسای بوودجە.

بەم هۆیەوە و لەم سەروبەندەدا پارێزەرەکانی سەرۆکوەزیرانی عێراق، محەمەد شیاع سوودانی، لە 11ی شوباتی 2021 دا جەختیان لەوە کردووەتەوە "حکوومەتی فیدراڵی تایبەتمەند نییە بە پێدانی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و دوور لە پشکی هەرێمی کوردستان. بۆچوونی پارێزەرەکان ئەوە بووە بە گوێرەی ماددەی 121 لە دەستوور، حکوومەتی فیدراڵی پابەندە بە تەرخانکردنی پشکێکی دادپەروەرانە لە داهاتە فیدراڵییەکان بە گوێرەی ڕێژەی دانیشتووان". هەروەها پارێزەرەکانی سوودانی گوتوویانە، حکوومەتی فیدراڵی بە گوێرەی یاسای بوودجەی فیدراڵیی (2023، 2024 و 2025) پابەند نییە بەوەی ڕاستەوخۆ مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان بدات، چونکە ماددەی 13ی بوودجە (2023) پشکەکانی هەرێمی کوردستان بە یەکەیەک دادەنێت و، ئەویش لە چوارچێوەی بوودجەی گشتیی فیدراڵی یەک دەخرێت. لە نووسراوێکی دادگەکەدا هاتووە، "پارێزەرەکانی سەرۆکوەزیرانی عێراق ئاماژەیان بە چەندان بڕگەی یاسای بوودجەی فیدراڵیی عێراق کردووە بۆ بەرگریکردن لە بۆچوونەکەیان، لەوانەیش: بەشێك لە ماددەی 12 کە دەڵێت، "وەزارەتی دارایی فیدراڵی شایستەکانی هەرێمی کوردستان دەدات بە شێوەیەکی مانگانە دوای ئەوەی هەرێمی کوردستان بڕگەکانی (ا.ب.ج.د) لەو بەندە جێبەجێ دەکات." ئەو بڕگانەیش تایبەتن بە ڕادەستکردنی داهاتی نەوتی بە ڕێژەی 400 بەرمیلی ڕۆژانە، لەگەڵ پاکتاوکردنی بوودجەی ساڵانی ڕابردوو.

ئەو پارێزەرانە ئەوەیشیان ڕاگەیاندووە، هەرێمی کوردستان پابەند نەبووە بە بڕگەکانی یاسای بوودجەی فیدراڵییەوە؛ بۆیە سەرۆکوەزیرانی عێراق پابەند کراوە بە گوێرەی دەقە یاساییەکان و بەتایبەتی بڕگەی یەکەم لە ماددەی 13 لە یاسای بوودجەی فیدراڵی، شایستەکانی هەرێمی کوردستان نەنێرێت؛ لەنێویدا شایستەی فەرمانبەران.[9]

٢- بڕیارەکە لە مەودای دووردا زەبری گەورە لە فیدراڵیزمی دارایی دەدات ئەگەر کۆتایی پێ نەهێنێت، چونکە حکوومەتی فیدراڵ دەکاتە سەرچاوەی مووچەی خەڵکی کوردستان. هەندێك بۆچوونیش پێیان وایە ئەم بڕیارە بەکردار کۆتایی بەو سەربەخۆییە داراییە دەهێنێت کە لە ماوەی 30 ساڵی ڕابردوودا حکوومەتی هەرێم کەڵکی لێ بینیوە و لەسەری وەستاوە؛ بەر لەوەی ئەو سەربەخۆییە داراییە تووشی ئیفلیجی ببێت لە پاش 25ی ئاداری 2023 کە تێیدا فرۆشتنی نەوت بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە ڕێگەی بەندەری جەیهانەوە بە بڕیاری دادگەی ناوبژیوانیی پاریس وەستا[10]. ئەم پێشهاتەیش خزمەت بە ناوەندگەرایی و بیرۆکەی "عێراقی بەهێزی یەکگرتوو" دەکات کە ئەجێندای زۆر لە هێزە سیاسییە حوکمڕانەکانی شیعەیە.

**لێکەوتەکان لەسەر حکوومەتی هەرێم**

بڕیاری دادگە لەبارەی مووچە، بەشێکە لە زنجیرەیەك بڕیاری تری جومگەیی دەربارەی هەرێم (دۆسیەی نەوت، هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان، هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی پارێزگاکان، هەمواری یاسای هەڵبژاردن و...) کە بەدەرە لە سازان و ڕێککەوتنە سیاسییەکانی جاران لەگەڵ بەغدا. بڕیارەکانیش بەشێکن لە هاتنەسەرهێڵی بەردەوامی دادگەکە بۆ نێو وردەکارییەکانی ژیانی سیاسی و ئابووری و کارگێڕیی هەرێم، هاوشێوەی ناوچەکانی تری بندەستی حکوومەتی فیدراڵ.

بەپێی ئاماژەکانی ئەم دوو ساڵەی دوایی، لە قۆناغی داهاتوودا دادگە دەبێتە بکەرێکی سیاسیی کارا لە سیستەمی سیاسیی کوردستان و عێراق، بەم هۆیەیشەوە لە سەرجەم یاسا و ڕێنماییەکاندا لەبەرچاوگرتنی بڕیار و بۆچوونەکانی، دەکاتە پێویستی، بەتایبەت لە پەرلەمانی داهاتووی هەرێمدا. ئەمەیش گۆڕاو و پێشهاتێکی نوێیە لە پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستان، چونکە ئەم دادگەیە لە پاش 2005 هەمان ئەم دەسەڵاتانەی ئێستای هەبووە، بەڵام لە قۆناغ و ستافی پێشوویدا دەرگەی نەکردووەتەوە بۆ ئەوەی ببێتە ناوبژیوان و لایەن لە کێشە ناوخۆییەکانی کوردستان یان کێشەکانی هەولێر و بەغدا؛ لە کاتێکدا پێشهاتی زۆر هەستیار هەبوون لە چەشنی درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان و سەرۆکایەتیی هەرێم (حوزەیرانی 2013) و قەیرانی سەرۆکایەتیی هەرێم (2015) و زۆر پێشهاتی تری سیاسی و یاسایی.

بەلایەنبوونی دادگەی فیدراڵی لە پرسە ناوخۆییەکانیش پێشهاتێکی ناسازە بۆ حکوومەت و لایەنی جێبەجێکردن لە کوردستان، چونکە سروشتی بڕیاری دادگەیی وەهایە کە، بنجبڕە، تیژە، گوێ بە سازان و ڕێککەوتن نادات، نەرمکێشیی تێدا نییە و بەپێی دەستووریش میکانیزمێك نییە بۆ تانەدان لە بڕیارەکانی دادگەی فیدراڵی و، دوا قسە لە لای ئەوە (ماددەی 94).

سیستەمی سیاسی و حیزبیی کوردستان هاوشێوەی ناوچەکانی تری عێراق زۆرتر پشت بە بەرخۆری (الريعية) و بەخشینەوە (الزبائنية) دەبەستێت، لەم سۆنگەیەشەوە سەرچاوەی مووچە و بوودجە لە هەر کوێوە بێت، پشتیوانی و سۆزی خەڵکیش بۆ خۆی ڕادەکێشێت. گەڕانەوەی مووچە لە هەرێمەوە بۆ ناوەند

بەتەنیا و لەکارخستنی کردەییانەی وەزارەتی دارایی هەرێم، دەشێت کاریگەری و لێکەوتەیش لەسەر نەخشەی سیاسیی هەرێمی کوردستان دروست بکات لە بەرژەوەندیی هێزی تری نوێ.

**خوێندنەوە یاساییەکانی کۆی بڕیارەکانی دادگە**

بۆچوونێکی یاسایی هەیە پێی وایە، بڕیارەکانی دادگە دەربارەی هەرێمی کوردستان لە دوو ساڵی دواییدا، لەنێویشیاندا دەربارەی مووچەی فەرمانبەران و یاسای هەڵبژاردن، قۆناغێکی نوێیە لە ڕێکخستنەوەی پەیوەندیی هەرێم و بەغدا لەسەر بنەمای دەقە دەستوورییە پەتییەکان دوور لە ڕێککەوتنە سیاسییەکان و "پرەنسیپی شەراکەت و هاوسەنگی" کە جاران بنەما بوون لە دیموکراسییەتی تەوافوقیدا. بەپێی ئەم بۆچوونە پێشتر سازان و پێکهاتنی سیاسی لەسەروو دەستوورەوە دادەنرا، بەڵام دادگەکە ئێستا دەیەوێت ئەم بنەمایە هەڵوەشێنێتەوە و پەیوەندییەکە بگێڕێتەوە بۆ چوارچێوەی دەقەکان[11]. ئەم هاوکێشە نوێیەیش لە بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستان نییە، چونکە دەسەڵات و پێگەکەی، لە دەستوور و هەرێمێکی فیدراڵ زیاتر و بەرینترە؛ ئەگەریش بگەڕێتەوە بۆ چوارچێوەی دەستوور، ئەوە زۆر لە دەسەڵاتە دیفاکتۆکانی لەدەست دەدات، لە چەشنی: نوێنەرایەتیی دیپلۆماسی لە وڵاتان و زۆر ئیمتیازی تری لەو چەشنە.

بۆچوونێکی تر پێی وایە دادگە ئێستا بەکردەیی دەستوور هەموار دەکاتەوە و لە ڕێگەی شرۆڤەکانییەوە، مانای نوێ بە دەقەکانی دەستوور دەبەخشێت، بەتایبەت پاش ئەوەی دەرکەوتووە هەمواری دەستوور بە ڕێگە باوە نەریتییەکەی، کە ڕاپرسییە (ماددەی 142)، لە ئێستادا ئەستەمە و هەندێك لەمپەری جددیشی لەپێشە[12].

ئەم هەموارە ڕانەگەیەنراوەی دەستووریش ئەگەر گریمانەیەکی ورد و دروست بێت، ئەوە لە کاتێکدایە کە بکەری سیاسیی کورد لە دۆخی لاوازی و قەیرانی دارایی و پەرتەوازەییدایە و بەشێکی زۆر لە هێزی پاش 2005ی لەدەست داوە؛ جگە لەمەیش ئەمریکییەکان کە خاوەنی دەستوورەکە و باوکی دامەزرێنەری ڕژێمەکەن، وەك جاران ناچنە نێو وردەکاریی پرسە سیاسییەکانی عێراق و لە هەمبەر زۆر بڕیاری دادگەی فیدراڵیدا کە پێگە و دەسەڵاتی هەرێمی کەم کردووەتەوە، بێدەنگیان هەڵبژاردووە (هەڵوەشاندنەوەی یاسای نەوت و گاز بە نموونە). لە ناوەندی سیاسیی کوردییشدا دانپنان هەیە بەوەی بڕیارەکانی دادگە دوو دیویان هەیە: لە ڕواڵەتدا پاڵنەری سیاسییان پێوە دیار نییە و یاسایی و وردن، بەڵام لە سێبەردا لێکەوتەی سیاسییان هەیە[13]. ئەمەیش بە مانای ئەوە دێت شارەزایانە دادەڕێژرێن و کۆکن لەگەڵ گیانی پابەندیی دەستووری، کە لە بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستان نییە.

**تۆمەتە سیاسییەکانی سەر دادگەکە**

ئامانجی هاوپەیمانان بە سەرۆکایەتیی ئەمریکا لە پێکهێنانی دادگەی باڵای فیدراڵی، دروستکردنی هێڵێکی بەرگری بوو لە سەروەریی یاسا لە عێراقی پاش سەددام (2003). ئەم دادگەیەیش لە سەرەوەی هەڕەمی دەسەڵاتی دادوەری دانراوە کە ئەویش لە چەند جومگەیەکی تری سەرەکی پێك دێت[14]. بەڵام زۆر جار دادگەکە تۆمەتبار کراوە بەوەی بەرگری لە تائیفەگەری دەکات، بەو پێیەی ئەندامەکانی بەپێی نەخشەی تائیفی پێك دێن (شیعە، سوننە، کورد)؛ هەروەها دادگەکە دەرچەی یاسایی کردەوە بۆ ئەوەی نووری مالیکی بۆ جاری دووەم بە سەرۆکوەزیران ڕابسپێردرێت[15]، لە کاتێکدا ئەیاد عەلاوی و لیستەکەی (العراقية) براوە بوون (2010).

لە ئێستایشدا دادگەکە بەوە تۆمەتبارە کە فەرمان لە "فایەق زەیدان" وەردەگرێت کە سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەرییە و هاوپەیمانی بەرەی ئێرانییە لە عێراق. ئەوەیش دەگوترێت، ناوبراو بەهۆی هەموارە یاساییەکان و دەسەڵاتە زۆرەکانییەوە کۆنترۆڵی دادگەی باڵای فیدراڵیی کردووە، بەتایبەت هی سەرۆکەکەی (جاسم محەمەد عەبود). هەر لەم ڕێگەیشەوە زنجیرەیەك بڕیاری لە بەرژەوەندیی "چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعی" و دژی ڕکابەرەکانی (ڕەوتی سەدر، حەلبووسی، پارتی) دەرکردووە[16]. ئەوەیشی نیگەرانییەکان لە دادگەکە زیاتر دەکات ئەوەیە، سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری، فایەق زەیدان لە چەند لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا، بۆچوونی سیاسیی خۆی ئاشکرا کردووە و، نەیشاردووەتەوە کە دژی پێکهێنانی هەرێمە لە عێراق و ئاماژەی کردووە کە ڕێگەی پێ نادات؛ لە کاتێکدا ئەمە مافێکی ڕێگەپێدراوی یەکلاییکراوەی پارێزگاکانە لە دەستووردا (ماددەی 119). زەیدان بەوە پاساوی هێناوەتەوە بۆ ئەم قسەیەی، کە بارودۆخی ئێستا لەچاو "دۆخی داڕشتنی دەستوور گۆڕاوە". هەروەها پاساوێکی تری ئەوەیە زۆربەی ئەوانەی لەگەڵ پێکهێنانی هەرێمەکان بوون؛ "ئێستا بۆچوونیان گۆڕاوە"، بەبێ ئەوەی ناوبراو ئاماژە بە هیچ داتا و ڕاپرسییەك بکات.

بە لای فایەق زەیدانەوە هەرێمی کوردستان "دۆخێکی تایبەتی دانپێدانراوی هەیە" چونکە "واقیعێکی جوگرافی و نەتەوەییی بەر لە بەرکاربوونی دەستوورە"؛ هەروەها "لە 1991 لە دەرەنجامی گرتنی کوێت و لێکەوتە خراپەکانی سیاسەتی شکستخواردووی ڕژێمی پێشوو دروست بووە" [17]. بەم پێیەیش سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری، یان خۆی لا داوە یان بێئاگایە لە پێشینەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و شۆڕش و بزووتنەوەکانی؛ شەرعییەتی هەرێمی کوردستانیشی کورت کردووەتەوە بۆ یەکێك لە دەرەنجامەکانی داگیرکردنی کوێت و "سیاسەتە شکستخواردووەکانی ڕژێمی پێشوو". ئەم لێدوان و خوێندنەوەی "زەیدان"یش ڕەخنە و کاردانەوەی سیاسی و دادوەریی جۆراوجۆری بە دوای خۆیدا هێنا، بەو پێیەی ڕادەربڕینی سیاسیی سەرۆکی دەزگەی دادوەری و ڕەتکردنەوەی مافە دەستوورییەکان، جگە لە نەگونجانی، "ڕووداوێکی بێپێشینە"یشە، لانی کەم لە عێراقی پاش 2003[18].

بۆچوونێکی تر هەیە پێی وایە لە ئێستادا دادگە لایەنێکی سیاسییە و ئەرکی پاراستن و چەسپاندنی "سیستەمی ئۆلیگارشی"ی حوکمڕانە لە عێراق لەبەر ڕۆشناییی هاوکێشەی هێز؛ ئەم ئەرکەیش هاوشێوەی ئەرکی هێزەکانی "حەشدی شەعبی"یە کە ئەرکی "پاراستنی سیستەمی سیاسی"ی خراوەتە ئەستۆ[19]. نزیك لەمەیش هەندێ چاودێری تری بڕیارەکانی دادگەکە، سوورن لەسەر ئەوەی بڵێن دادگەی فیدراڵی لە ئێستادا "لەسەر خواستی کارەکتەری بەهێزی شیعی بڕیاری دیلیڤەری دەردەکات!"[20] لەسەر ئەم تۆمەتەیش دادگەکە هاتە سەر هێڵ و تۆمەتەکەی بە "نائەخلاقی" دایە قەڵەم و نووسراوی بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان کرد کە بەرەنگاری خاوەنەکەی و ئەو مینبەرانەیش ببنەوە کە لێوەی بڵاو دەکرێتەوە[21].

**بژاردە بەردەستەکان**

لەو دۆخی بەدگومانی و ڕەخنانەی هاتوونەتە پێشەوە لە دادگەکە و بڕیارەکانی، بژاردەی دەستووری و بەردەست، هەوڵدانە بۆ دەرکردنی یاسای دادگەی فیدراڵی بە دەنگی 2/ 3 پەرلەمانتاران و دروستکردنی دادگەیەکی دەستووری کە زیاتر جێگەی متمانە بێت و میکانیزمەکانی پێکهێنانی، زیاتر جێگەی ڕەزامەندی بێت؛ هەروەها دادوەرەکانیشی زیاتر پسپۆڕی یاسای دەستووری بن وەك لەوانەی ئێستا.

لەسەر ئاستی بڕیاری مووچەیش دادگە چەند دەرگەیەکی بۆ چارەسەرکردن کردووەتەوە؛ بۆ وردەکارییەکەیشی جگە لە دانوستانی ورد و هەوڵدان لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵ لەبارەی میکانیزمەکان، چارەیەکی تر بەردەست نییە، چونکە لە کوردستان ژیانی سیاسی و یاسایی کێشەی زۆری هەیە؛ لە لایەك پەرلەمانی نییە، لە لاکەی تر دابەشبوونی سیاسی هەیە.

بۆ گێڕانەوەی سەنگ و هێزیش بۆ بژاردەی فیدراڵیزم، جگە لە هەوڵدان لەگەڵ وڵاتانی ئەمریکا و ئەو ئەوروپییانەی پەیوەندیدارن بە هەرێم، ڕێکخستنەوەی ناوخۆی کوردستان و دروستکردنی کۆدەنگی لەسەر خاڵە نەگۆڕە گشتگیرەکان یەکێکە لەو ڕێگەیانەی دەشێت هێز بداتەوە بە قەوارەی دەستووریی هەرێم، ئەگەرنا نزیکترین سیناریۆ لە هەرێمی کوردستانەوە دۆخی پارێزگا سوننەنشینەکانە کە جگە لە بزربوونی پرسی ناوەندیی پێکهاتەکەیان، وردە وردە خەریکە پێگە و پۆستەکانیشیان لەدەست دەچێت و مانەوەی ماوەدرێژی "کورسیی سەرۆکایەتیی پەرلەمان"یش بەچۆڵی، نموونەیەکی زەقە.

[1] /https://www.iraqfsc.iq/news.1518

[2] https://bit.ly/3Po6Grt

[3] /https://www.iraqfsc.iq/news.4663

[4] https://bit.ly/49Tijy8

[5] https://bit.ly/430v4VE

[6] https://bit.ly/3UYiK6m

[7] https://bit.ly/48yxAU6

[8] https://bit.ly/435QBft

[9] https://bit.ly/4bVHdyV

[10] https://bit.ly/3wBIvPH

[11] https://bit.ly/3ThqqPO

[12] https://bit.ly/3V0rskw

[13] https://bit.ly/3URAgci

[14] https://bit.ly/3P2fF10

[15] https://www.ina.iq/99360-.html

[16] https://bit.ly/4c63qL0

[17] https://www.ina.iq/203350–.html

[18] https://bit.ly/3TefcLU

https://bit.ly/3TfMtpO
https://bit.ly/49S2WpP

[19] https://bit.ly/3V0apPk

[20] https://bit.ly/3P66Tz9

[21] https://bit.ly/3uNWGk5